www.kurdistannet.org




گۆشه‌ی "دیمانه‌ی خه‌یاڵی".. گۆشه‌یه‌که‌ ده‌کرێت دوو حه‌فته‌ جارێک میوانداری به‌رپرسێکی کوردستان بکات (هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌گه‌ر به‌خه‌یاڵ ڕازی بن!)..

دیمانه‌یه‌ک له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌و په‌رله‌مانتارانه‌ی سه‌ره‌وه‌ که‌ له‌ هۆڵی په‌رله‌ماندا خه‌وتوون
سازدانی دیمانه‌؛ ئه‌فسانه‌

"من له‌ خه‌ونیشما هه‌ر کوردایه‌تیم ده‌کرد.."

گومانی تێدا نیه‌ په‌رله‌مانتارانی وڵاتانی دونیا له‌ ماڵه‌وه‌ ده‌خه‌ون و له‌ په‌رله‌ماندا به‌خه‌به‌رده‌بن، که‌چی له‌م په‌رله‌مانه‌ نه‌گبه‌ته‌ی کورددا ئه‌و حاڵه‌ته‌ تاڕاده‌یه‌ک پێچه‌وانه‌ بۆته‌وه‌..
هه‌ڵبه‌ته‌ زۆرێک له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ نوسرا، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌گرنگم زانی ڕاست و دروستی ڕوداوه‌که‌ له‌ زاری ئه‌و په‌رله‌مانتاره‌وه‌ ببیستین که‌ خه‌وی لێکه‌وتبوو.. هه‌ر بۆ ڕونکردنه‌وه‌ی ئه‌و ڕوداوه‌ مێژووییه‌ پاش ئه‌مسه‌روسه‌رێکی زۆر توانیم به‌خه‌یاڵ یه‌کێک له‌و په‌رله‌مه‌نتاره‌ خه‌ولێکه‌وتووانه‌ی ناو په‌رله‌مان ڕازی بکه‌م و دیمانه‌یه‌کی ڕاستگۆیانه‌ی سه‌باره‌ت به‌و خه‌وه‌ شومه‌ له‌گه‌ڵدا سازبکه‌م.. ته‌نها مه‌رجی ئه‌و به‌ڕێزه‌ ئه‌وه‌بوو که‌ ناوی بڵاونه‌که‌مه‌وه‌، منیش به‌ڕێزه‌وه‌ مه‌رجه‌که‌یم قبوڵکرد.. (به‌ڵام هه‌ربۆ زانیاری خوێنه‌ری ئازیز ئه‌و یه‌که‌یانه‌ که‌ هه‌ر ئه‌ڵێی له‌ حه‌وسالآن ڕاست بۆته‌وه‌ و گه‌ر وه‌ک من به‌وردی سه‌رنج بده‌نه‌ وێنه‌که‌ی و دڵی به‌نێ، گوێتان له‌ پرخه‌ پرخه‌که‌ی ده‌بێت! واته‌ ئه‌و یه‌که‌یان نیه‌ که‌ تازه‌ له‌خه‌و هه‌ستاوه‌ (یان نیازی هه‌یه‌ بخه‌وێت) و ده‌می هێنده‌ی قاڕوویه‌ک داپچڕیوه‌!)

ئه‌فسانه‌؛ به‌ڕێزم لای هه‌مووما‌ن ئاشکرایه‌ که‌ خه‌و له‌ڕاده‌به‌ده‌ر بۆ مرۆڤ پێویسته‌.. میکانیزمێکی گرنگه‌ بۆ مانه‌وه‌مان و به‌درێژایی ژیانمان له‌گه‌ڵماندا ده‌مێنێته‌وه‌.. به‌ڵام به‌لاتانه‌وه‌ سه‌یر نیه‌ که‌ له‌

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەرلەماندا خەوتان لێبکەوێت، وە بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە میلەت متمانەی پێتانە  و بەو ئومێدە ئێوەی هەڵبژاردووە کە خەڵکێکی بەئاگابن؟

وەڵام؛ هەڵبەتە من نامەوێت پاکانە لە خۆم بکەم، هەرچەندە بەڕاستی کارێکی وام نەکردووە کە ئەو هەموو هەرا و فەرتەنەیە بهێنێت و دواتریش گەر دەرفەت هەبوو لەو بارەیەوە ڕای خۆم دەربدەبڕم، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە لە سێ قۆڵەوە بەردەوام هێرشم دەکرایە سەر و منیش هەر خۆم بووم.. زۆر بەرگریمکرد نەخەوم، بەڵام دواجار ئەوان بەهێزتربوون و ئیدی کارلەکار ترازا و خۆمدا بەدەست ئەو خەوە نەحلەتیەوە..

ئەفسانە؛ لە سێ لاوە هێرشیان بۆ هێنابوویت؟ ببورە بۆ ئێوە بۆ شەڕ دەچنە پەرلەمان یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵات؟

وەڵام؛ نا چاوەکەم بەهەڵە لێم تێمەگە.. مەبەستم لەو شەڕانە نیە کە دەستبدەینە یەخەی یەکتری و شتی وا.. نا، نا.. لەخوا بەزیادبێت دەمێکە وازمان لەوجۆرە شتانە هێناوە..

ئەفسانە؛ ئەی چ جۆرە هێرشێکت کرابووە سەر؟

وەڵام؛ لە قۆڵی یەکەمەوە ئەو باسە نەحلەتیەبوو کە دایان مەزراندبوو و وەک حەکایەتی مێشی لێهاتووە کە هەر سەرەتای هەیە و کۆتایی نیە.. خوا ئاگای لێیە لەگەڵ ئەڵێن ئەمرۆ بابەتی "یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە" تاووتوێ دەکەین، یەکسەر خەو دامدەگرێ.. ئەو ڕستەیە 'یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە' سەرووچاوم ئەگرێت و وەک بێشکە ڕامئەژەنێت.. ئیدارەیەکیان لەمسەرەوە پاڵم پێوەدەنێت و ئەوی تریان لەوسەرەوە.. ئیدارەیەکیان پێڵوی سەرەوەی چاوم دادەگرێت و ئیدارەکەی تریش پێڵوی خوارەوەم هەڵدەکێشێ.. ئینجا هەردووکیان بەکۆرس زووزوو ئەڵێن (بخەوە.. بخەوە.. فشەیە ئەمڕۆش هەمان شت تاووتوێ ئەکەنەوە.. بخەوە.. دوو ئیدارە حەیاتەکەیە.. بخەوە.. خەو خۆشترە.. خەووو.. خەوووو).. ئاخر خۆم ئەزانم چی دەوترێت و چی ناوترێت، ئێ وا کۆمەڵێک ساڵە هەمان شت دووبارە و سێبارە و هەزاربارە دەبێتەوە.. ئیتر چۆن پیاو خەوی لێناکەوێت؟ گرەو ئەکەم کام کەسەی کە خۆی زۆر بەئاگا دەزانێت وەرە بیهێنە و پێنج شەش ساڵ باسی هەمان شتی بۆ بکە، بزانە خەوی لێناکەوێت؟ من هەر زۆر ئازابووم کە ئەو هەموو ماوەیە خۆم ڕاگرتبوو و بەڵام وا دواجار زەفەریان پێهێنام..

ئەفسانە؛ ئەمە لە قۆڵی یەکەمەوە... ئەی دووهەم؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

وەڵام؛ قۆڵی دووهەم دەنگێک بوو لەناوەوەمدا قسەی بۆدەکردم.. پەیتاپەیتا باسی بێهوودەیی پەرلەمان و "یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە" و دەنگدان و ئەو شتانەی بۆ دەکردم کە من دەسەڵاتم بەسەریاندا ناشکێتەوە، بوون و نەبوونی من هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێت.. ئێ دوای ئەوەش خۆ ئێمە هەمیشە هەر بە "کۆی دەنگ" دەنگ لەسەر هەموو شتێک ئەدەین، ئیتر من بەخەبەربم یان نا چی دەگۆڕێت؟ بەهەرحاڵ ئەو دەنگە شەیتانیەی ناوەوەم هەر وازی لێنەهێنام تا قەناعەتی پێکردم کە بخەوم.. هەرچیەکم کرد بەرگەی ئەو قسەیەم نەگرت کە زووزوو ئەیوتەوە؛ "ئێ خۆ هەرچیەک باسبکەن لە ئەخیردا هەر بە کۆی دەنگ دەستێکی بۆ بەرزدەکەنەوە و تەواو.. کورە دەبخەوە بۆ خۆت.. بخەوە.. خۆت بۆ کێ ماندوو ئەکەی هەی نەکبەت"..

ئەفسانە؛ ئەی قۆڵی سێهەم؟

وەڵام؛ قۆڵی سێهەم لە هەردوو قۆڵەکەی تر زیاترێک کاری تێکردم.. تۆ خۆت دەزانیت باوێشکدان ساریە و زۆر بەئاسانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر لەناو باسێکدا بیت کە هێندە گرنگی پێنەدەیت.. ماڵی ئەو برادەرەی تەنیشتم ئاواکرد، ئەوەندە باوێشکیدا ئەوەندە باوێشکیدا هەتا منیشی تووشکرد و ئاوای لێکردم، دەنا بەخوا یەکجار ئەوەندە خەوم نەدەهات و تاڕادەیەک بەرگری دوو قۆڵەکەی ترم کردبوو، بەڵام باوێشکەکانی ئەو باوێشک نەبوون برا.. کە دەمی دائەپچڕی و ئەیوت "خاخاخائخخاخاخخاخاخخخا"، پیاو کوێرئەبوو بۆ دەقەیەک خەو، دەوەرە لە تەنیشتیشیەوەبە! ئینجا تاوناتاوێکیش لەبەرخۆیەوە ئەیوت "وەڵاهی لەماڵەوە بخەوتمایە زۆر زۆر باشترێکبوو، خاخاخاخاخخاخاخ".. لەو ڕۆژەوە من لەلای خۆمەوە بڕیارمداوە هەتاهەتایە جارێکی تر لە تەنیشتیەوە دانەنیشمەوە.. (دوێنێش بینیم هەر باوێشکی دەدا!).. بەهەرحاڵ سەرت نەئێشێنم لەدواجاردا بەسێ قۆڵی بەتەواوەتی هیلاکیان کردم و خەویان لێخستم.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی وام نەکردووە کە ئاوها گەورەبکرێت و ئەو هەموو باس و لێکۆڵینەوەیەی لەسەر بکرێت..

ئەفسانە؛ مەبەستت چیە بەڕێزم؟ یانی خەوتنت لە هۆڵی پەرلەماندا بە ئاسایی دەزانیت؟

وەڵام؛ نەک هەر ئاسایی، بگرە دەکرێت وەک سمبولێکێکیش تەماشای بکرێت..

ئەفسانە؛ سمبولی چی؟

وەڵام؛ باشە دەبا بۆت ڕونبکەمەوە.. من نوێنەری کورد نیم؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

ئەفسانە: با.

وەڵام: ئێ زۆربەی زۆری کورد هەزاران ساڵە خەوتون، میلەتێکە هەتا بڵێیت حەزی لەخەوە، ئیتر چ شتێکی سەیری تێدایە گەر یەک دوو نوێنەرەی لە پەرلەماندا بخەوێت؟

ئەفسانە: وەڵا خۆ ڕاستدەکەیت.. من خۆم قەت بەو شێوەیە بیرم بۆی نەچووبوو..

وەڵام: دوای ئەوە شتێکی تریش ئازیزم.. زۆرجار ئەو شتەی بەڕاستی بۆمان نایەتەدی، بەخەو دەیهێنینە دی.. ئێستاش چرکە بەچرکەی ئەو خەوەی ناو پەرلەمانم لەبیرە، من لە خەونیشما هەر کوردایەتیم دەکرد..

ئەفسانە: لەخەوتا کوردایەتیت دەکرد؟ دەکرێت ئەو خەوەمان بۆ بگێڕیتەوە؟

وەڵام: لەڕاستیدا لەخەونمدا قاتێکی جوانم لەبەردابوو و لەگەڵ سێ چوار کەسی تردا بانگهێشی شوێنێک کرابووین هەر لە هەندەران دەچوو، ڕاست و دروست نازانم کوێبوو، بەڵام دیاربوو شوێنەکە زۆر موهیم بوو.. هەر چوار لای بە پاسەوان گیرابوو، من و چەند کەسێکی تر باسی "دەوڵەتی کوردستانمان" دەکرد..

ئەفسانە: ئێ...

وەڵام: سەرت نەئێشێنم خۆشم نازانم چۆنبوو لەو خەوەمدا ئەوەندە ئازابووم، بەڵام من ئەموت ئەبێ کوردستان خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و ئەوانی تر هەر هەموویان دژم وەستابوون، یەکێکیان نەبێت کەمێک نەرمتربوو لەوانی تر، بەڵام هەستم ئەکرد ئەگەر بوێرم لەسەر داواکەم پێ دابگرم ئەوا ڕازی ئەبن.. بۆ ماوەیەکی زۆر چەلەحانێمان کرد.. ئەوەی لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو زۆر ترسنۆکبوو، پەیتا پەیتا سیخورمەیەکی لەلا قەبرغەم دەدا و ئەیوت "بەسە حەیامان مەبە، بەسە حەیامان مەبە".. منیش هاوارم ئەکرد و ئەموت "بۆ حەیامان ئەچێت؟" خۆ داوای مافی کەس ناکەم هی خۆم نەبێت، خۆ نامەوێت وڵاتی کەس داگیرکەم، کاکە من وڵاتەکەی خۆمم ئەوێتەوە".. کەمێک لە نەڕەنەڕەکەم ترسان و خەریک بوو قەناعەتیان ئەکرد، بەڵام ئەوەی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو ماڵێ ئاوا نەبێت هەر سیخورمەی لێدەدام و ئەیوت "کورە بەسە حەیامان چوو، بەسە ئیتر حەیامان چوو ڕەسممان دەگرن".. منیش زیاترێک نەڕاندم و هەر لەسەر قسەکەی خۆم سوربووم و وتم "کورە یەڵای ئەکرد بە کامێرای فیدیۆش دەیانگرت، لەهیچ کەسێک ناترسم و داوای مافی خۆم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەکەم.. بەڕاستی ئەگەر دەوڵەتی کوردی دانەمەزرێنن ڕیسەکەتان لێدەکەمەوە بە خوری"، وەڵا ڕێک لەدوای ئەوەوە..

ئەفسانە؛ ئێ؟ چی ڕویدا؟

وەڵام؛ وەڵا وەرەقەیەکیان هێنا ئیمزای بکەین و دەوڵەتی کوردی دامەزرێ، بەڵام لەویادا ئەو ترسنۆکەی تەنیشتم سیخورمەیەکی وای تێسرەواندم خوا ئاگای لێیە تا ئێستاکەش شوێنەکەی شین بۆتەوە.. لەپڕێکدا هاواریکرد و وتی "ئەرێ کاکە ئەڵێم حەیامان چوو.. دە دەست هەڵبڕە".. منیش وتم بۆ دەست هەڵببڕم، خۆ چواردەورمان نەگیراوە؟ کورە وتی "حەیامانچوو دەست هەڵبڕە دەنگدانە دەنگدان"... وەڵا ئیتر خەبەرم بووەوە و تەماشا ئەکەم برادەرەکەی تەنیشتم سوربۆتەوە و کەوتە بۆڵەبۆڵ و وتی؛ "ئێ کاکی برا پەنجا جارم پێوتیت هەستە لەخەو، هەزار سیخورمەم تێوەشاندیت.. ئەگەر حاڵت وایە بۆ هاتیت، بۆ لەماڵەوە لۆ خۆت نەخەوتیت؟ دەفەرموو دەی، ئەوە ڕەسمیشیان گرتین و وابزانم حەیاشمان چوو"..
بەکورتی و بەکوردی برادەرەکەی تەنیشتم خەویشی لێخستم و لەخەوە خۆشەکەشی کردم.. ئەوە بۆیە بڕیارم داوە ئیتر قەت لەلایەوە دانەنیشمەوە..
خەو خۆشە گیانە.. مرۆڤ بەبێ خەو ئەمرێت.. بێ خەو ئەم ژیانە مانای نیە..

ئەفسانە؛ باشە لەدوای ئەوەی وێنەکە بڵاوبووەوە و ڕۆژنامەکان هەر یەکەی بەدڵی خۆی شتێکی لەسەر نوسی، سەرۆکی پەرلەمان لێپرسینەوەیەک.. چاوسورکردنەوەیەک... کورە سوکە گلەییەکی لێنەکردیت؟

وەڵام؛ ویستی، بەڵام دوایی پەشیمان بووەوە.. چونکە کەخەوەکەمم بۆ گێڕایەوە وتی "ئەمەیە نمونەی نوێنەر.. ئەمەیە شازی پەرلەمانتار.. بەڕاستی وەک خۆت دەفەرمویت لە خەویشدا هەر کوردایەتی دەکەیت.. ئافەرم.. ئێمە لەوە دڵسۆزتر چیمان دەوێت؟"

ئەفسانە؛ هەروا بەئاسانی ئەو قسانەی بۆ کردیت؟

وەڵام؛ نا.. نا.. لەپێشدا بەڕاستی نیازی هەبوو وردە گلەییەکم لێبکات، بەڵام دواتر کە پشتگیریەکی لەخۆی زەبەلاحترم پیشاندا، ئیتر بەو قسانە دڵنەوایی دامەوە.. خەو خۆشە برا.. مرۆڤ بەبێ خەو ئەمرێت.. بێ خەو ئەم ژیانە مانای نیە.. خۆشترین شت لە دونیادا خەوە و ناخۆشترین شت ئەوەیە کە لە خەو هەڵتبسێنن.. خەو موهیمە گیانە.. مرۆڤ یانی خەو.. ژیان واتە خەو.. هەموو شتێک خەونە.. هەموومان خەونین.. هەموو شتە ڕاستەقینەکان لە بنەڕەتدا خەونن.. ئەو کەسەی پڕبەدڵی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆی نەخەوێت، هیچ لە دونیا تێنەگەیشتووە.. خەو لە نان و ئاو پێویستترە بۆ مرۆڤ.. تۆ خۆت کەمێک بیر لە خەون بکەرەوە و بزانە چەندە خۆشە، چەندە شیرینە.. قەت نەهێڵییت خەوەکەت ڕابکات.. هەر کە هات یەکسەر بێ سێودوو خۆت بدە بەدەستیەوە و هەقت نەبێت.. تەنها بەو شێوەیە کەسێکی سەرکەوتوودەبیت کە زۆر بخەویت و هەتا بتوانیت کەم بەخەبەربیت.. بژی خەو.. بژی هەموو ئەوانەی کە زۆر دەخەون.. وەک وتم خۆشترین شت لە دونیادا خەوە و ناخۆشترین شت ئەوەیە کە لە خەو هەڵتبسێنن..

ئەفسانە؛ ئەزانی ئەوەندە باسی خەوتکرد، منیش خەوم یەت..

وەڵام؛ ئێ فەرموو.. پرخەی لێهەڵسێنە.. ئادەی خێرا تا خەوەکە ڕاینەکردووە دوو جێگای جوانمان بۆ داخەن!!

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com